شیعر



فرمێسک مستەفا

# له چاوەڕوانی تۆدا

لەم ژوورەمدا هەموو شتێ دەبێتە تەم و
لە چاوەڕوانی تۆدا دەبنە هەڵم
جلە هەڵواسراوەکانم، متوموورووە پەرش و
بڵاوەکانی نێو چەکمەچەکە
ماکیاژە هەڵڕێژراوەکان
هەر کە دەستیان بۆ دەبەم لێم دوور دەکەونەوە
داوات دەکەن
تەنیا گەر وەک سەرابیش بێ
لەم تەنیاییيەی منەوە تێ ناپەڕی
جلەکانم بەسەر ناکەیتەوە
متوموورووەکان لەیەک ناکەیتەوە
مکیاژەکان ڕێک ناخەیتەوە
پێمان ناڵێیت حەز دەکەی چۆن خۆمان
بۆت برازێنینەوە



هەموو شتێ دەبێتە چاوەڕوانی لە دووری تۆدا
پەردەی ژوورەکەم لە پەنجەرەکە داماڵی
تا بەیانیان
تۆ لەگەڵ ڕووناکیا بێیتە ژوورەوە
لەسەر جێگاکەم بدرەوشێیتەوە
گەرم دەبمەوە
لە سەرمای شەوان دەرباز دەبم
بە نەرمی خەوم لێ دەکەوێتەوە

هەموو شتێ
تەمومژ و نادیارییە
کە تۆ لێم دوور دەکەوییەوە